# مزگەوت و پێشمەرگە!

## قادر ڕەشید

بەپێی یاسا و دەسەڵاتی هەردوو وەزارەتەکەی ئەوقاف لە باشوری کوردستاندا ، مەرجە کە کار و ئەرکی مزگەوتەکان لەژێر سەپەرشتیی و بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافدا بێت ، بێگومان هەر بێدەنگیی و کەمترخەمییەکیش لەو ئەرك و بەرپرسیارییە ، کاردانەوەیەکی زیانبەخشی ئەبێت و ڕێگە خۆشئەکات بۆ مەلاکانی مزگەوتەکان کە کار و ئەرکەکانیان بەو شێوەیە بکەن کە خۆیان ئەیانەوێت! لە ئەنجامی ئەو بێدەنگییەی جوتە ئەوقافدا لە ئاستی جموجوڵی بەشێك لە مەلاکان ، لەبەر هەر هۆیەك بێت ، کارئاسانیی ڕەخساندووە بۆیان کە مزگەوت بکەن بە بنکە و سەرچاوەیەك بۆ دەستتێوەردانی دین لە سیاسەت و بکەونە دروستکردنی حیزب و ڕێکخراوی سیاسی و بیر لە حوکمڕانێتی وڵات بکەنەوە! ئەشێت ئەمەش لە بوونی بۆشاییەکی سیاسی و پاشاگەردانیی حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا دروست بووبێت!

مەلاکان کارئاسانییان بۆ ڕەخساوە کە بکەونە خۆیان و ڕێگای تێکوشانی جەماوەریی بگرنەبەر و خۆیان بکەن بە نوێنەر و دەمڕاستی خەڵك و لە ڕێگەی مزگەوتەکان و کەناڵەکانی ڕادیۆ ئازادەکانیانەوە بە دوای چارەسەری کێشەکانی جەماوەردا بگەڕێن.

بە هۆی زنجیرەیەك لە تاوان و ڕووداوی دڵتەزێن لە لایەن نوێژکەرانی ناو مزگەوتەکانەوە! بووەتە جێی ناڕەزایی و سەرسوڕمانی خەڵك و بووە بە باس و خواسی ڕۆژانەیان ، بڵێن و نەڵێن ، مەلاکانیش ئەگرێتەوە ، لەبەرئەوەی مەلاکان ئەرکی ئاینییان فەرامۆش کردووە و لە ڕێگەی حیزب و ڕێکخراوە داتاشراوەکانیانەوە ئەیانەوێت بەپێی شەریعەتی ئیسلامیی! سیستمی حوکمڕانیی ئیسلامیی دروستبکەن! لە ڕاستییدا ئەوانە بە باشیی سودیان لە بێدەنگیی دەسەڵات و لە بۆشایی سیاسی وەرگرتووە ، لەبەرئەوەی کە مزگەوت باشترین جێگای ڕۆژانەیە بۆ کۆبوونەوەی خەڵکانێکی ساویلکەی ئاینپەرست ، ئاخۆ خوا و ئاینی ئیسلام چ پێویستییەکیان بە حیزب و ڕێکخراو و دەسەڵاتدارێتی هەیە!

لێرەدا جێی خۆیەتی کە دوو دیاردەی زیندوو لە ئەزمونی ڕابوردووی مزگەوت و پێشمەرگەدا باسبکەم:

1ـ لە کاتی شەڕی بەرگریماندا دژی ڕژێمی بەعسی دوابڕاو ، پێشمەرگەی حیزبەکان لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستاندا سودی باشیان لە مزگەوتەکان ئەبینی ، مزگەوتەکانیان کردبووە بنکەی ئەرك و چالاکیە پیرۆزەکانیان ، کۆبوونەوەی ڕێکخراوی سیاسی و عەسکەریی و دانانی نەخشە و پلانی خۆیان لە مزگەوتەکاندا ئەنجام ئەدا. هەروەها لە بڵندگۆی مزگەوتەکانەوە ئاگادارییەکانیان بۆ جەماوەر ڕائەگەیاند ، تەنانەت کێشەکانی گوندنشینەکانیشیان لەناو مزگەوتەکاندا یەکلایی ئەکردەوە ، جگە لەم ئەرکە

پیرۆزانەشیان ، مزگەوتەکانیان پاکوخاوێن ڕائەگرت و خزمەتیان ئەکرد ، مزگەوت وەك ماڵی خۆیان وا بوو لە شەوانی بەفر و ڕەهێڵەشدا مزگەوت شوێنێکی گەرم وگوڕ بوو بۆیان. پشوودان و چاوەڕێی دابەشبوونیان بەسەر ماڵە جوتیارە هەژارەکاندا ، هەر لە ڕێگەی مزگەوتەوە بوو. زۆربەی پێشمەرگەی حیزبەکان نوێژیان نەئەکرد و بەڕۆژووش نەئەبوون ، لەگەڵ ئەوەشدا مەلا و نوێژکەرانی گوندەکان لێیان قارس نەئەبوون. هەروەها تەرمی شەهیدەکانیان لە مزگەوتەکاندا خاوێن ڕائەگرت و لەگەڵ جەماوەری گوندە ئازادکراوەکاندا بە خاکیان ئەسپاردن و پرسەیان بۆ دائەنان.

بە هەر حاڵ ، ئەوسا بەپێی دەسەڵاتی پێشمەرگە دەرگای مزگەوت واڵابوو لە ئاستی خزمەتگوزاریی پێشمەرگە و ئاین و جەماوەردا ، هەرچەندە دانیشتووانی دێهاتەکان لەژێر هەڕەشە و گوشاری ڕژێمی بەعسدا بوون کە نابێت پێشمەرگەی کافر و مولحید بچنە مزگەوتەکانەوە! بەڵام پێشمەرگە و مەلا و جەماوەری خۆڕاگر ، یەك هەڵوێستی یەکگرتووی مەردانەیان هەبوو.

2 ـ لەبیرم دێت لە کۆتایی ساڵەکانی چلەکاندا ، ماڵمان لە چوارباخ نزیکی مزگەوتی (مەحوی) بوو کە پێیان ئەوت "خانەقای مەحوی" ، ئێواران لەم مزگەوتەدا لە مەنجەڵێکی گەورەدا خواردن لێئەنرا و ئەبرا بۆ ماڵە هەژارەکانی گەڕەکەکەمان ، شەو تا بەیان ئەم مزگەوتە دەرگای کراوەبوو ، ئەو کاروانچی و جوتیارانەی ئەهاتنە شار و جێگای حەوانەوەیان نەبوو ، لەم مزگەوتەدا ئەنوستن ، هەروەها کەسانی مێژووناس ، ئەدیب ، شاعیر ، دەنگخۆش و پیاوماقوڵانی شارەکە لە کەسانی نیشتمانپەروەر و مەلای (داوێنپاك) بە ڕۆژانە لەم مزگەوتەدا چاویان بە یەکتر ئەکەوت و کۆڕی هەمەجۆرەیان ئەگێڕا.

لە ساڵی 1947 دا لەم مزگەوتە شارستانییەدا دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق کرا ، دەنگدەرانی شاری سلێمانیی لە کەش و هەوایەکی ئازاد و دیموکراتییدا ، نوێنەرانی خۆیان هەڵبژارد ، پاڵێوراوی پارتی (ئیبراهیم ئەحمەد) بوو ، شەهید (شێخ مارف بەرزنجیی) پاڵێوراوی حیزبی شیوعی عێراق بوو ، بە زۆرینەی دەنگ سەرکەوتنیان بەدەستهێنا ، سیستمی ئەوسای هەڵبژاردن بە دوو قۆناغ بوو ، یەکەم (مونتەخەبی سانەوی) بوو کە زۆربەیان شیوعییەکان دەرچوون لە پاشاندا ئەمانیش نائیبەکەیان هەڵئەبژارد ، بەو جۆرە نوێنەرانی گەل بردیانەوە و لیستی نوری سەعید و ڕژێمی پاشایەتی دۆڕاندیان.

گرنگیی ئەم مزگەوتە لەوەدا بوو کە مەڵبەندێکی زانیاریی ، ڕۆشنبیریی ، کۆمەڵایەتی و ئیسلامیی بوو ، خوالێخۆشبووان مەحوی و هەواڵەکانی لە خزمەتگوزاریی ڕێبازی شێخ مەحمودی نەمریشدا بوون.

وەك بەراوردێك لەگەڵ مزگەوتی ئەم سەردەمەدا ، بۆچی ئەبێت ئەمڕۆ لە سایەی دەسەڵاتی کوردستاندا مزگەوت بکرێت بە مۆڵگەی حیزب ، ڕێکخراوی تیرۆریست و گروپی خۆتەقێنەر و سەربڕین ، لەتوپەتکردنی مناڵ ، ئافرەت و پیاو و تێزابکردن بەسەر ئافرەتاندا؟ ژێربەژێریش هەندێك لە مەلا و نوێژکەرە ئیسلامییە توندڕەوەکان بەپێی شەریعەتی ئیسلامیان ، پێخۆشحاڵ بن بەو تاوانانە! هەروەها بڵندگۆی مزگەوتەکان بکەن

به ئامرازێك بۆ فتوادان و هێرشکردنه سەر عیلمانییەکان و حیزبەکان به کافر و مولحید ناوببەن و جەماوەریان لــێ هانبدەن!

قەسابخانەکەی ئاوایی خێڵی حەمه ، گروپه قەسابەکەی شێخ زانا و ڕەفتار و کاری جنسیی و نێربازیی لەناو مزگەوتەکانی (ماڵی خوا)دا لە فەلوجه ، ڕومادی ، بەغدا و زۆر جێگای تر و تاوانی تر ، شاهیدی حاڵن و حاشایان لێناکرێت!

هەندێك لە مەلاکانی کوردستان لە هەولێر ، به چاوی خۆیان کاره وەحشییانەکەی شێخ زانایان به فیلمێکی چەند کاژێریی بینیوه! بەڵام خۆیان لــێ کەڕکردووه!

ئیتر با ئەو ئەزمونه شۆڕشگێڕییەی پێشمەرگه دێرینەکانی کوردستان و (حەسەناتی) بێوێنەی مەلا و مزگەوتی (مەحوی) لە ساڵانی ڕابوردوودا ، ڕەچاوبکرێت بۆ ئێستا و داهاتوو.

مزگەوت ڕزگار بکرێت لە مۆڵگەی بەدناوەکان و نائاینپەرستەکان ، مزگەوت بهێنرێتەوه سەر هێڵی خزمەتگوزاریی گەلە ستەمدیدەکەمان.

ئەو خزمەتگوزاریی و یارمەتی و دەسەڵاته بێسنورەی لە هەردوو وەزارەتەکەی ئەوقافەوه دراوه به مزگەوت و مەلا! جێی نیگەرانیی و پرسیاره!

بۆچی ئەبێت لە کوردستاندا ژمارەی مزگەوت زیادتر بێت لە قوتابخانەکان؟ ئەمه خۆی لە خۆیدا دیاردەیەکی مەترسیداره و جێی سەرنجه! ئەم دیاردەیه لە داهاتووشدا ئەنجامی باش نابێت.

پێویسته چاودێرییەکی واقیعیانه و بوێرانه هەبێت لە لایەن کاربەدەستانەوه ، لەسەر زیادەڕۆیویی مەلا و مزگەوتەکان.

ئەگەر حیزبه ئیسلامییەکانی کوردستان چاو لە سونەمەزهەبەکانی فەلوجه ، ڕومادی و بەغدا و شیعەکانی نەجەف و کەربەلا بکەن و زۆرینه بن لە دەسەڵاتدا ، ئاخۆ چ زیانێکی گەوره و گران به چارەنوسی گەل و خاکمان ئەگەیەنن! ئەبێت تاهەتایه ئافرەتانی کوردستان و عێراق وەك سیستمەکەی (مەلا عومەری ئەفگانیی بێسەر و شوێن!) به کۆیلایەتی و کوێرەوەریی ژیان لەناو (مەتبەخ)دا ببەنەسەر.

2005-8-29